
چەند سەرنجێک لەسەر :
باڵا پۆشی
ئامادەکردنی
jahfar84@yahoo.com
نافرۆشرێت و نەبەخشرێت

بسم الله الرحمن الرحيم

يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ قُل لِّأَزْوَاجِكَ وَبَنَاتِكَ وَنِسَاء الْمُؤْمِنِينَ يُدْنِينَ عَلَيْهِنَّ مِن جَلَابِيبِهِنَّ ذَلِكَ أَدْنَى أَن يُعْرَفْنَ فَلَا يُؤْذَيْنَ وَكَانَ اللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا : ئەی پێغەمبەر فەرمان بدە بە خێزانەکانت و کچەکانت وەخێزانی باوەڕدارانیش (چونکە خێزان وکچەکانی پێغەمبەر نزیک ترین کەسن لێیەوە ئەوان لەپێشترن لەبەجێگەیاندنی ئەم حوکمە)، تا ئافرەتانی موسڵمان بە جل و بەرگەکانیانەوە بناسرێنەوە , وە خوای گەورە بەبەزەیی یە بەرامبەر ئەوانەی کە لەمەو پێش خۆیان نەپۆشیوە.

((سورة الأحزاب 59 ))

# پێشەکی:

خوای گەورە دەفەرمویێت ((الَّذِينَ يَسْتَمِعُونَ الْقَوْلَ فَيَتَّبِعُونَ أَحْسَنَهُ أُوْلَئِكَ الَّذِينَ هَدَاهُمُ اللَّهُ وَأُوْلَئِكَ هُمْ أُوْلُوا الْأَلْبَابِ ))(الزمر18), وەهەروەها دەفەرمویێت((مَّا أَصَابَكَ مِنْ حَسَنَةٍ فَمِنَ اللّهِ وَمَا أَصَابَكَ مِن سَيِّئَةٍ فَمِن نَّفْسِكَ))(النساء 79).

سوپاس و ستایش بۆ پەروەردگاری جیهانیان وە دروودو سەلام لەسەر گیانی پاکی پەیامبەری دڵسۆزمان (محمد) (صلى الله عليه وسلم).

مرۆڤ لەم بوونەوەرەدا بەرێزترین دروستکراوی خوای گەورەیە وەك پەروەردگار دەفەرمویێت(وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِي آدَمَ : سوێند بەخوا بێگومان ڕێزمان لە نەوەی ئادەم گرت) الاسراو 70.

ئەو مرۆڤەی خوای پەروەردگار ڕێزی لێناوە لەم بوونەوەرەدا ئەرکێکی پێ سپێردراوە کە مایەی ئاسودەیی خۆیان و هەموو بونەوەرە وەك دەفەرمویێت: ((وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ : من جنۆکە و ئادەمیزادم تەنها بۆ ئەوە بەدیهێناوە کە بەندایەتی من بکەن))الزاریات56.

بەندایەتیکردنیش تەنها بریتی نییە لەنوێژو ڕۆژو و حەج و قورئان خوێندن بەڵکو بەندایەتیکردن بریتییە لە جێبەجێکردنی فەرمانەکانی بەدیهێنەرمان, باڵاپۆشیش یەکێکە لەو فەرمانانەی خوای گەورە کە لە سەر ئافرەتانی پێویست کردووە.ئێمە لێرەدا بە کورتی چەند گومانێکمان لەسەر باڵاپۆشی لاداوە و حەقیقەتی باڵاپۆشیمان لە چەند بابەتێکدا ڕوونکردۆتەوە, بەهیوای

سوود گەیاندن بە کۆمەڵگەی کوردی موسوڵمان بەگشتی و کچانی بەڕێزی ناو زانکۆی سلێمانی بە تایبەتی.

خوێنەری بەڕێز

پێش ئەوەی دەست بە خوێندنەوەی لاپەڕەکانی دوای ئەم پێشەکییە بکەیت سەیرێکی دەروونی خۆت بکەو ژیریت بەکاربهێنە بۆ ئەوەی ئەم فەرمایشتەی کردگار جێبەجێبکەیت بەسەر خۆتدا: ( الَّذِينَ يَسْتَمِعُونَ الْقَوْلَ فَيَتَّبِعُونَ أَحْسَنَهُ أُوْلَئِكَ الَّذِينَ هَدَاهُمُ اللَّهُ وَأُوْلَئِكَ هُمْ أُوْلُوا الْأَلْبَابِ: ئەوانەی گوێدەگرن بۆ قسەوگوفتار,ئینجا شوێن چاکترینی ئەو قسانە دەکەون هەر ئەوانەن خاوەنی ژیری و هۆش) (الزمر 18) .کەواتە کەسی ژیر و بەهۆش ئەو کەسەیە کە شتێك دەبیستێت و بەدوای چاکەکەی دەکەوێت و خراپەکانی لێ لادەدات,کورد گوتەنی ( ماڵی قەڵب سەربە ساحێبێتی).

## خوشکی سەنگینم:

جوان جوان ئەم چەند بابەتە بخوێنەوە و چاکەکانی بکەرە کردارو لە هەڵە و کەموکوڕیەکانی بەئاگامان بهێنە. هەرنوسینێك یان هەرقسەیەك کە مرۆڤ دەیکات چاکە یان خراپە, لەبەرئەوە ئەوەی کە لێرەدا نوسراوە چاکەکانی لە فەزڵی خواوەیە و خراپەکانیشی لە نەفسی تاوانبارمانەوەیە وەك خوای گەورە دە فەرموێت (مَّا أَصَابَكَ مِنْ حَسَنَةٍ فَمِنَ اللّهِ وَمَا أَصَابَكَ مِن سَيِّئَةٍ فَمِن نَّفْسِكَ: هەر چاکەیەکت توش بوو ئەوە لە خواوەیە وە هەر خراپەیەکت توش بوو ئەوە لە خۆتەوەیە) نساء 79.

# ئیسلام بەرنامەی ژیانە

خوای بەدیهێنەرمان دەفەرموێت ((إِنَّ الدِّينَ عِندَ اللّهِ الإِسْلاَمُ: بەڕاستی دینی پەسەند کراو لای خوا ئیسلامە)) (ال عمران 19).یەکێك لە واتاکانی دین کە لە پەڕاوە پیرۆزەکەی خوای گەورەدا هاتووە بریتی یە لە بەرنامە واتە دین بریتییە لە بەرنامەو پەیڕەو بۆ ڕێکخستنی خەڵکی, وەکو خوای پەروەردگار فەرموویەتی: ((لَكُمْ دِينُكُمْ وَلِيَ دِينِ: دینی خۆتان بۆ خۆتان واتە بەرنامەی خۆتان بۆ خۆتان ئەی کافرەکان وە بەرنامەی خۆیشم بۆ خۆم))( کافرون 6). وە خوای گەورە لە ئایەتی (40)ی سورەتی (یوسف) دا دەفەرموێت ((إِنِ الْحُكْمُ إِلاَّ لِلّهِ أَمَرَ أَلاَّ تَعْبُدُواْ إِلاَّ إِيَّاهُ : بێگومان بڕیار تەنها بۆ خوایە فەرمانی داوە بێجگە لەو(خوا) هیچ شتی تر نەپەرستن)).

وە ئەم بەرنامە و حوکمکردنە بە پێی دەستورێك دەڕوات کە بریتییە لە قورئانی پیرۆز وە فەرموودەکانی پەیامبەری ئازیزمان کە بۆ ڕوون کردنەوەی قورئانی پیرۆزە.ئەم پەیامە پیرۆزە هەمەلایەنە و هەموو بوارەکانی ژیانی گرتووەتەوە هەر لە بواری ئابوری, سیاسی, کۆمەڵایەتی.....هتد.ئەمەش لای کەسێك ئاشکرایە کە لە دەقەکانی قورئان ووردبوبێتەوە یان ئاگای لە مێژووی حوکمی ئیسلامی بێت کە زیاد لە 13 سەدە حوکمی کردووە.

دەربارەی ئەم پەیامە پیرۆزە ووتەی ئەم کەسایەتییە بیانی یە کە بەرناردشۆیە بخوێنەوە (( ئاینی محمد هەمیشە جێگەی بەرزترین ڕێزم بووە,لەبەرئەوەی ژیان و گوڕو تینێکی سەر سوڕهێنەری تێدایە,چونکە وەك بۆم دەرکەوتووە تاکە ئاینێکە توانای هەرسکردنی گشت قۆناغە جیاجیاکانی ژیانی ببێت و

بتوانێت هەموو بەرەیەکی مرۆڤ بەرەو خۆی کێش بکات)).پاشان دەربارەی پەیامبەری ئیسلام محمد (صلی الله علیه وسلم) دەنوسێت (( بەپێویستی دەزانم کە بە محمد بوترێت ڕزگارکاری مرۆڤایەتی,من لەو باوەڕەدام کەئەگەر پیاوێکی وەك ئەو سەرکردەیی جیهانی نوێی پێبسپێردرێ ئەوا لەچارەسەرکردنی کێشەکانی جیهاندا سەردەکەوێت و ئاسایش و بەختەوەری گشتی لە جیهاندا بلاّودەکاتەوە)).هەروەها فەیلەسوفی فەرەنسی (ۆڵتز) دەڵێت ((تابڵێی محمد گەورە بوو, گەورە پیاوانێکی زۆریشی پەروەردەکرد, یاسادانەرێکی بوێر و پێشەوایەکی دادوەر و پێغەمبەرێکی جوانکار بوو, گەورەترین گۆڕانکاری لە جیهاندا بە دەست هێنا)).

محمد کێ بوو؟ بۆچی وابوو؟ چی لەمرۆڤەکان زیاتر بوو کە ئەو سیفەتەجوانانەی هەبێت؟ ئەم پرسیارانە تەنها من و تۆ نەمان کردووە, وەرن با وەلاّمی ئەم پرسیارانە لە دایکمان عائیشە (خوای لێ ڕازی بێت) بپرسین, کاتێك پرسیاری لێکرا سەبارەت بە ڕەوشتی پەیامبەر (صلی الله علیه وسلم) لەوەلاّمدا فەرمووی: ئایا قورئانت نەخوێندۆتەوە؟ گوتی بەڵێ, فەرمووی: ڕەوشتی پێغەمبەری خوا قورئان بوو .

کەواتە تاکە سەرچاوەی بوێری و جوانکاری و دادپەروەری تەنها لە قورئانی پیرۆزەوە بۆ پێغەمبەری ئازیزمان دروست بوون. کەواتە با خۆمانت بەو پەڕاوە بەرزو پیرۆزە بڕازێنینەوە کە یەکێك لە حوکمە پڕ لە حیکمەتەکانی بریتی یە لە بالاّپۆشی تاوەکو بتوانین لەم ژیانەدا بەیاسای ژیان بژین.

# ئەم نوسینە: کێ نوسی؟ بۆ نوسی؟

ئەم نوسینە فێرخوازێکی زانکۆی سلێمانی نوسیویەتی , لە ماوەی ئەو سێ ساڵەی لە زانکۆدا بووە هەستی بەو دیاردە ناتەندروستەی ناو زانکۆ کردووە ((دیاردەی بەڕۆژئاوایی بوونی کچان لە جل و بەرگدا)).خۆیشی بەدڵسۆزی هەموو ئافرەتێك دەزانێت , چونکە وەك گوتراوە: ئافرەت نیوەی کۆمەڵگەیەو دایکی نیوەکەی تریەتی.

بۆ ئەوەیشی نوسیوە کە کاری پێبکرێت و ئەرکی قورسی سەر شانی بەرامبەر بەو مرۆڤە گەورەیە کە ئێستا یان لە داهاتودا پێیدەوترێت دایك لابدات.

## بسم الله الرحمن الرحيم

وَقُل لِّلْمُؤْمِنَاتِ يَغْضُضْنَ مِنْ أَبْصَارِهِنَّ وَيَحْفَظْنَ فُرُوجَهُنَّ وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلَّا مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَلْيَضْرِبْنَ بِخُمُرِهِنَّ عَلَى جُيُوبِهِنَّ وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلَّا لِبُعُولَتِهِنَّ أَوْ آبَائِهِنَّ أَوْ آبَاء بُعُولَتِهِنَّ أَوْ أَبْنَائِهِنَّ أَوْ أَبْنَاء بُعُولَتِهِنَّ أَوْ إِخْوَانِهِنَّ أَوْ بَنِي إِخْوَانِهِنَّ أَوْ بَنِي أَخَوَاتِهِنَّ أَوْ نِسَائِهِنَّ أَوْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُهُنَّ أَوِ التَّابِعِينَ غَيْرِ أُوْلِي الْإِرْبَةِ مِنَ الرِّجَالِ أَوِ الطِّفْلِ الَّذِينَ لَمْ يَظْهَرُوا عَلَى عَوْرَاتِ النِّسَاء وَلَا يَضْرِبْنَ بِأَرْجُلِهِنَّ لِيُعْلَمَ مَا يُخْفِينَ مِن زِينَتِهِنَّ وَتُوبُوا إِلَى اللَّهِ جَمِيعًا أَيُّهَا الْمُؤْمِنُونَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ : **ئەی محمد بڵێ بە ئافرەتە ئیماندارەکان, باچاویان بپارێزن لەسەیر کردنی پیاوی بێگانە, وە با داوێنی خۆیان بەدوور بگرن لەبەد ڕەوشتی. وە جوانی و ڕازاوەیی و زینەتی خۆیان بەدەرنەخەن بۆ نامەحرەمەکانیان. وە با لەچک و سەرپۆش بەسەرو سنگیاندا بێتە خوارەوە, وە هەروەها خوای گەورە دەفەرموێ:بالەکاتی ڕۆیشتنیاندا قاچیان نەدەن لەزەوی یەکەو تەقە تەق بکەن بۆ ئەوەی بزانرێت چ زینەتێکیان لە ژێرەوە شاردۆتەوە . ئەی خوشکانی ئیماندار هەمووتان تۆبە بکەن و بگەڕێنەوە بۆلای خوای پەروەردگار چونکە ئەمە مایەی سەرفرازیتانە.**

((سورتی نور ئایەتی **31** ))

## خوای گەورە فەرزی کردووە وە فەرمانێکی خوایی یە!

خوای گەورە دەفەرموێت((وَقَرْنَ فِي بُيُوتِكُنَّ وَلَا تَبَرَّجْنَ تَبَرُّجَ الْجَاهِلِيَّةِ الْأُولَى : لە ماڵەکانی خۆتاندا بمێننەوە و زینەت و جوانی خۆتان دەرمەخەن(لەناو خەڵکی نامەحرەمدا)وەکو خۆدەرخستنی ئافرەتانی سەردەمی نەفامی یەکەم (پێش ئیسلام) )) (الأحزاب 33 ).

لە تەفسیری ئەم ئایەتەو ئایەتی پێشویدا ابن کثیر ( رەحمەتی خوای لێبێت) ئەفەرموێت: (ئەمە کۆمەڵە ئادابێکە خوای گەورە فەرمانی کردووە بە خێزانەکانی پێغەمبەر (صلی اللە علیە وسلم), وە خێزانی پیاوانی ئەم ئوممەتە لەمەدا شوێنکەوتەن و ئەوانیش ئەگرێتەوە). وە لە ئایەتی واجب بوونی باڵاپۆشی دا دەفەرموێت: ((يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ قُل لِّأَزْوَاجِكَ وَبَنَاتِكَ وَنِسَاء الْمُؤْمِنِينَ يُدْنِينَ عَلَيْهِنَّ مِن جَلَابِيبِهِنَّ ذَلِكَ أَدْنَى أَن يُعْرَفْنَ فَلَا يُؤْذَيْنَ وَكَانَ اللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا : ئەی پێغەمبەر فەرمان بدە بە خێزانەکانت و کچەکانت وەخێزانی بڕوادارانیش (چونکە خێزان وکچەکانی پێغەمبەر نزیکترین کەسن لێیەوە ئەوان لەپێشترن لەبەجێگەیاندنی ئەم حوکمە)، تا ئافرەتانی موسوڵمان بە جل و بەرگەکانیانەوە بناسرێنەوە ,وە خوای گەورە بەبەزەیی یە بەرامبەر ئەوانەی کە لەمەو پێش خۆیان نەپۆشیوە)) (سورة الأحزاب 59 ).

ئەمە فەرمانی بەدیهێنەری مرۆڤەکانە کە چۆن هەندێ کاروکردەوەی لەسەر پیاوان واجب کردووە بە هەمان شێوە باڵاپۆشی لەسەر ئافرەتان واجب کردووە, ئەوەی لێرەدا ئاماژەم بۆکرد وەڵامە بۆ ئەو کەسانەی کە باڵاپۆشی بەفەرمانی پیاوانی کۆمەڵگەی ئیسلامی ئەزانن و ئیسلام بەدینی پیاو سالاری

دادەنێن وە یەکێکیان دەڵێت((دینی ئیسلام کە دینی پیاو سالارانەیە و لە ڕوانگەی بەرژەوەندی ئەوانەوە وە هەر لەلایەن پیاوانەوە نوسراوە و بەڕێوە چووە)), پاشان دەربارەی ئافرەتان دەنوسێت((بێ بەشبوون تەنانەت لە جل و بەرگ)).

جا ئەو کەسانەی ئەم قسانە دەکەن لەم سێ حاڵەتە بەدەرنین:

1. شارەزانەبوون لە ئیسلام
2. بە هەڵەتێگەیشتن لە ئیسلام
3. خۆ دانە گێلی و خۆ هەڵخەڵەتاندن و نان خواردنە لەسەر ئیسلام ...

لێرەدا بە پرسیارێك لە خاوەنی ئەو قسانەی سەرەوە کۆتایی بەم کورتە باسە دەهێنین:

**دەڵێین: کاتێك باس لەوە دەکرێت کە بالاًپۆشی بەفەرمانی پیاوانە و ئیسلام دینێکی پیاو سالارانەیە,کەواتە فەرمانی نوێژی هەیبی و جەنگ و جیهادو.......هتد دەبێ فەرمانی کێ بێت کە تەنها لەسەر پیاوان واجبە و ئافرەتان مەگەر خۆیان بیانەوێت ئەگینا هیچ پەیوەندییەکیان پێوەی نییە؟؟!!!**

## ئایا باڵاپۆشی كوت و بەندە؟

خوای پەروەردگار لـەوئایەتانەدا كە باڵاپۆشی تیا فەرزكردووە هۆكارەكەشی ڕوون دەكاتەوە:

1. ((ذَلِكَ أَدْنَى أَن يُعْرَفْنَ: ئەوە نزیكترە بناسرێن)):

ئافرەتێكی پۆشتەو پەرداخ بە حەیاو حەشمەت كە بەرگ و پۆشاكێكی شەرعی لـەبەردایە كاتێك بەرێدا دەڕوات ئەو ئافرەتە وەك ئینسانێك دێتە بەرچاو و بەزمانی حاڵ بەدەوروبەر دەڵێت وەك ئینسان لـەگەڵ مندا مامەڵـە بكەن.كەواتە ئەو بەرگ و پۆشاكە ئیسلامییە نزیكترە لـەوەی كە ئەو ئافرەتانە بناسرێن نەك بناسرێن داخوا كێن بە شەخصی نا بەڵكو بناسرێن كە ئەهلی تەقواو ئەخلاقن ئەهلی ئەدەب و حەیا و حەشمەتن ئافرەتانێكن كە مێینایەتی خۆیان دەرنەخستووە, مێینایەتی خۆیان بەرجەستە نەكردووە بەڵكو ئینسانیەتی خۆیان دەرخستووە بۆیە چاوەڕوان دەكەن لـە كۆمەڵگەش كە وەك ئینسان لـەگەڵیاندا ڕەفتاربكەن نەك وەك مێینە.

2. ((فَلَا يُؤْذَيْنَ:تا بە هۆیەوە ئازارنەدرێن)):

ئەم وتەیە ئەوە دەگرێتەوە خەڵكی ئازاریان نەدەن ئەم وتەی خوای گەورە ئاماژەیە بۆ ئەوەی كە بینینی جوانی ئافرەت لـەلای بێگانەكانەوە ئازارە بۆ خودی ئافرەت كەزیانیان پێدەگەیەنێت بەهۆی ئەو خۆ دەرخستنەوەیە. جا ئەو ئازارە دەروونی بێت كە مرۆڤ هەست بەو تاوانە گەورەیە بكات كە بێفەرمانی خوای كردووە یاخود خەڵكی لـەلایەنی جەستەییەوە ئازاری

پێبگەیەنن کەئەم دیاردەیەش لە کۆمەڵگەکانی ڕۆژئاوادا چەندان نمونەی بەرچاو هەن و ئافرەتانی توشی چەندان کێشە و چەرمەسەری کردووە و لەلای خۆشمان بە چەندان ووتە و کرداری ناشیرین ئەو ئافرەتانە ئازار دەدرێن کە سفورن و فەرمانی پەروەردگاریان جێبەجێ ناکەن.

3. ((وَإِذَا سَأَلْتُمُوهُنَّ مَتَاعًا فَاسْأَلُوهُنَّ مِن وَرَاءِ حِجَابٍ ذَلِكُمْ أَطْهَرُ لِقُلُوبِكُمْ وَقُلُوبِهِنَّ: ئەی هاوەڵانی پێغەمبەر ئەگەر داوای شتێکتان لە خێزانەکانی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم) کرد لە پشتی پەردەوە داوای بکەن ئەوە چاکتر و پاکترە بۆ دڵی ئێوە و ئەوانیش.)) (الأحزاب53).

خوای گەورە وەسفی حیجابی بە پاکێتی بۆ دڵەکان کردووە بۆ بڕواداڕانی پیاو و ئافرەت, چونکە چاو کە شتێك نەبینێت دڵ ئارەزووی ناکات,لەم ڕوانگەیەوە دڵەکان لەکاتی نەبینیندا پاکترە.

ئەمەش کورتەیەك بوو لە حیکمەتی باڵاپۆشی جا کەسی ژیر بەم بڕیارە دەڵێ چی؟

بڕیارێك کە سەرتاپای لە سود و بەرژەوەندی ئافرەت و کۆمەڵگەدایە,دەبێ چ کۆت و بەندێك بێت کە هەندێ لە مرۆڤی دڵ نەخۆش بانگەشەی بۆ دەکەن.

وەئەگەر سەیرێکی زیانەکانی خۆدەرخستن بکەین بەبەرچاوی خۆمانەوە دەبینین کە کۆمەڵگەی توشی چ دەردە سەرییەك کردووە ئەوکات ئەو بانگەشەکارانە زیاتر دەم کوت دەبن و بەرهەمی بانگەشەکەی خۆیان ببینن

که جگه له بەلاّ و نەهامەتی بۆ ئافرەت و کۆمەڵگە چی تری لیٚ نادۆزیتەوە.

## ئەمەش هەندێک لە زیانە بەرچاوەکانی خۆدەرخستن:

1. خراپ بوونی ڕەوشت بەتایبەت گەنجەکان وە پاڵپێوەنانیان بۆ خراپەکارییەك کە حەرام کراوە, وە هەندێك دەبنە فرۆشیار بەسەر ئافرەتەوە و دەیکەنە هۆیەکی ڕاگەیاندن بۆ بواری کڕین و فرۆشتن(اعلانات).
2. بەرەودواچوونی کۆمەڵگە : چونکە گەنجەکان گرنگی بەخۆڕازاندنەوە و جل و بەرگ دەدەن و لە زانست و داهێنان دێنە دواوە,ئەگەر دەپرسن کە ئەوروپا بەچی پێش کەوتووە لەکاتێکدا کە لەویٚ دیاردەی سفوری هیچ سنورێکی بۆ نییە؟ دەڵێین:

✓ ئەوان خۆیان گیرۆدەی چەندان دەرد و نەخۆشی بوون لە ئەنجامی ئەو سفورییە وەلەوانە نەخۆشی ئایدز کە تائێستا چارەسەرێکی تەواوی بۆ نەدۆزراوەتەوە, یەکێکی تر لەو نەخۆشییانە بریتییە لە لەدەستدانی خێزان و زۆربوونی تاوان. بەتایبەتی زینا کە لەسەیرکردنێکی نادروستەوە دەست پێدەکات وەك شاعیر دەڵێت ((نظرة فابتسامة فسلام فكلام فموعد فلقاء)).

✓ ئەوان بەو بێسنوریە پێش نەکەوتوون بەڵکو بە بەکارهێنانی ژیرییان بەرەو پێش چوون.

3. چەند زیانێکی تر کە لەبەر درێژ نەبوونی بابەتەکە هەر ئاماژەیەکیان پێدەدەین ئەوانیش:

*لەڕووی ئابوورییەوە زیانێکی زۆر دەدات چونکە هەندێك لەو ئافرەتانە تەنها فریای مۆدێلات دەکەون و هەر ڕۆژەی لەسەر شێوەیەکن.
*لەڕووی ئەمنیەوە ئەگەر سەیری دادگاکان بکەین زۆر کێشەی ناموس و دەستدرێژی کردنە سەر ناموس دەبینین.
*لە ڕووی تەندروستییەوە زیانێکی زۆری هەیە,لە بابەتێکی تردا توێژینەوەمان لەسەر کردووە.
*داڕوخانی خێزان و زۆر بوونی تاوان......................

# بۆچی بالاپۆشییەکەت کاڵکردەوە؟

ئەگەر سەیرێکی ژیانی فێرخوازان بکەین پێش ئەوەی بێنە ناو زانکۆ و پاش هاتنیان, ئەوا بەدەگمەن دەبینین کە گۆڕانی بەسەردا نەیەت (لەهەر ڕویەکەوە بێت).تائێرە هیچ کێشەیەك نیە, ئەم گۆڕانە بۆ چەند خاڵێك دەگێڕینەوە:

1. تێکەڵ بوونی ئەو دوو ڕەگەزە کە تا ئەو کاتە لە یەکتر ڕایان کردووە و تێکەڵ بوون لەسەریان قەدەغەکرابوو.لەبەر ئەمەش کاتێك کە ئەم تێکەڵ بوونە ڕوودەدات هەرلایەکیان هەوڵدەدات وا خۆی نیشانی ئەوی تر بدات کە ئەو پێی خۆشەو بە دڵیەتی .
2. نەبوونی سنورێك کەوا لە فێرخواز بکات پەیوەستی خوێندن بێت ،بۆیە بۆشاییەکی بۆ دروست دەبێت ، نازانێت چۆن پڕی بکاتەوە ،لەبەر ئەوە ڕوو دەکاتە چەند کارێك کەدەبنە هۆکاری گۆڕانی .
3. شارەزا نەبوون لە واقیعی زانکۆ و پەیمانگا کە خوێندکار نازانێت چۆن خۆی لەگەڵ ئەو دۆخەدا ڕابهێنێت،لەبەر ئەمە توشی چەندین هەڵە دەبێت.

ئەو گۆڕانەی دەمانەوێت لێرەدا ئاماژەی بۆ بکەین کاڵبوونەوەی بالاپۆشییە لە هەندێك لە خوشکاندا (بەلابردنی بالاپۆشییەکەیان بەشتی تر ،یان لابردنی سەرپۆشی سەریان ، یان ......) ئەم حاڵەتە خاڵێکی لاوازە لەو خوشکە ئازیزانەدا کە بۆ ڕازیکردنی خەڵکی ، خوا لە خۆیان دەرەنجێنن و لە فەرمانی بەدیهێنەریان دەردەچن.

لێرەدا ئەگەر پرسیار لەو ئازیزانە بکرێت کە بۆچی وادەکەن؟؟؟!!! ئەوا جگە لە بێدەنگی هیچی تریان لێ نابینیت چونکە خۆیشیان هۆکارەکەی دەرك پێناکەن و لەگەڵ هەڵمەتی جیهانگیری (گلۆبالیزم)دا ئەوانیش بەبیانووی مۆدێرنە و پێشکەوتنەوە جل و بەرگی ڕەوشت بەرزی خۆیان دەگۆڕن.

خوشکی ئازیزم من هیچ هۆکارێك نابینین لەبەردەمتدا بۆ ئەم گۆڕانە جگە لەڕازی کردنی خەڵکی وە لەم ڕازیکردنەتدا بە هەڵە براوی چونکە:

أ. موسوڵمان دەبێت یەکەمجار خوا لە خۆی ڕازی بکات پاش ئەمە دەرگای هەموو شتێکی لێدەکرێتەوە ((وَمَن يَتَّقِ اللَّهَ يَجْعَل لَّهُ مَخْرَجاً)) (الطلاف2).

ب. خەڵکی لێت ڕازی نابن هەتا شوێن ئایین و دەسەڵاتیان نەکەویت و وەکو خۆیان نەبیت ((وَلَن تَرْضَى عَنكَ الْيَهُودُ وَلاَ النَّصَارَى حَتَّى تَتَّبِعَ مِلَّتَهُمْ))(البقرة120)

**وە ئەگەر هەر هۆکارێکی تریێت ئەوا باش بیربکەرەوە و سەیرێکی دەوروبەرت بکە و بزانە کە بیانووەکەت لەجێگەی خۆیدایە یان خۆت درووستت کردووە و تەنها خۆت بەبیانوی دەزانیت.**

## بالأپۆشی لەنێوان ئاینی ڕاستی و زانست و بڕیاری ژیری دا:

یەکێك لە فەرمانەکانی خوای گەورە بۆ ئافرەتان بالأپۆشییە.بەواتای ئەوەی کە ئافرەتی موسوڵمان دەبێت هەموو لەش و ئەندامەکانی بپۆشێ بەوشێوەیەی کە خوای گەورە دایناوە.وە بالأپۆشی مەرجی تایبەتی خۆی هەیە کە لێرەدا لەگرنگترین مەرجەکانی دەدوێین و باس لە ڕووە زانستییەکەی دەکەین و پاشان بزانین بڕیاری ژیرانە کامەیە ئەو مەرجانەش بریتین لەوەی کە هەموو لەشی داپۆشێ نابێت تەنگ بێت و لەشی بەدیار بکەوێت وەك خوای گەورە دەفەرموێت(..ولایبدین زینتهن الا ماظهر منها..)(النور31) واتە وەجوانی خۆیان دەرنەخەن جگە لەوەی کە بەدەرەوەیە و دیارە وەك دەموچاو و لەشیان. وە ئەم خۆداپۆشینە هەموو لەشە بێجگە لەدەست و دەموچاو,خوای گەورە دەفەرموێت (الا ماظهر منها..), ئەمەش فەرمودەی پەیامبەر (ﷺ) و ئایەتی تری زۆری لەسەرە کە لێرەدا بواری باسکردنیان نییە. ئەوەی لەسەرەوە دەیبینین فەرمانی بەدیهێنەری مرۆڤایەتییە, ئێستاش بابزانین زانست چی دەڵێت.

یەکێك لەو نەخۆشیانەی کە توشی مرۆڤ دەبێت بریتییە لە شێرپەنجەی پێست, کە یارمەتی دەرانی ئەم نەخۆشییە چەند شتێکە لەوانە کاتێك کە پێست بۆ ماوەیەکی زۆر بەر تیشکی سەروبنەوشەیی(UV) بکەوێت واتە تیشکی (UV) ڕاستەوخۆ بەر لەش بکەوێت. وە توێژینەوە زانستییەکان ئەوەیان دەرخستووە کە دانەپۆشینی لەشی ئافرەت, بەتەواوی دەرکەوتنی هەندێ ئەندامی جەستەی ئافرەت , لەبەرکردنی جلی کورت و تەسك بەکاریگەری کوشندە دەگەڕێتەوە بۆ سەر خاوەنەکانیان.

ئەمەش بەوە دەبێ کەتیشکی (UV)ئەبێتە هۆی دروستبوونی (Dimer) لەلایەن تفتە پایریمیدینەکا نی (Pyrimidine bases)ی گەردی(DNA)وە گەردی (DNA) یەکەی بنچینەییە لە خانەدا و بەرپرسە لە پاراستنی زانیارییە بۆماوەییەکان (Genetic information)کەلەسەر شێوەی تفتی نایترۆجینییە , وە تێکچوون لەم زنجیرەیەدا و توش بوون بەو شێرپەنجە.

یەکێکی تر لەمەرجە پڕ لە حیکمەتەکانی بالاپۆشی بۆ ئافرەتانی موسوڵمان بریتییە لەوەی کە ئەوجلەی لەشی دادەپۆشێت نابێت تەسک بێت,بەڵگەش بۆ ئەمە زۆرە کە لێرەدا بەم بەڵگەیە وازدێنین, کاتێك کە پەیامبەری ئازیزمان محمد (ﷺ) بەرگێکی وەکو جبەی دا بەیەکێك لە هاوەڵانی ئەویش ئەو بەرگەی دا بەخێزانەکەی بۆیە کاتێك کە پەیامبەر بەوەی زانی بەو هاوەڵە بەڕێزەی وت بچۆ بە خێزانەکەت بڵێ بابیکات بە شتێکی تر و لەسەرەوە لەبەری نەکات چونکە ئەترسم قەبارەی ئێسکەکانی دەرکەوێت,بۆ ئەم مەرجەش لەڕوی زانستییەوە دەرکەوتووە کە جلی تەسك کاریگەری خراپی هەیە لەسەر لاشە لەوانە کە دەبێتە هۆی شێرپەنجەی پێست چونکە تیشکی (UV)بەئاسانی و زوو دەگاتە پێست.

وەهەروەها جل و بەرگی تەسك کاریگەری لەسەر تێگەیشتن و فێربوون هەیە بەجۆرێك کە لەولاتێکی وەکو یاباندا لەم سالانەی پێشوودا پێلاو لە قوتابخانەکاندا کراوە بە نەعل لەبەرئەوەی نەوەکو ئەو پێلاوە کاریگەری لەسەر تێگەیشتنی قوتابیەکان هەبێت ئەمە ئەگەر بۆ پێلاو وابێت دەبێ بۆ جل و بەرگ کە هەموو لەش دەپەستێوێت چۆن بێت ؟

وەك بینیمان مەرجەکانی بالآپۆشی کە خوای گەورەمان دایناوە لەم ڕۆژگارەدا زانستیش گەیشتوەتە ئەو ڕاستییە وە داوای دەکات. ئەی خوشکی ئازیزی من ئێستا ژیرانە بیربکەرەوە و بڕیاری ژیرانە بدە, کە ئایا بالآپۆش دەبیت و فەرمانی خوا بەجێدەهێنیت و لاشەی خۆت لەم دونیا لەم نەخۆشی و لەو دنیا لە ئاگر دەپارێزیت؟ یان هەروەکو خۆت دەمێنیتەوە و بێفەرمانی خوا دەکەیت و بەو بێفەرمانییەش چاوی برسی کەسانێکی چاوچنۆك تێردەکەیت و خۆشت و ئەوانیش تاوانباردەکەیت؟! خوشکی ڕێزدار ئەو بالآپۆشییەی کە لە مانگی ڕەمەزانی پیرۆزدا کردووتە پتەوی بکە و دوای ڕەمەزان بەردەوام بەو, بەو شێوەیە بە کە بەدیهێنەری جیهانیان داوای کردووە و لە فەرمانی دەرمەچۆ.

## مەرجەکانی باڵاپۆشی:

- هەموو جەستە داپۆشێت : خوای گەورە لـە سورەتی نور ئایەتی (59)دا دەفەرموێت: "وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلَّا مَا ظَهَرَ مِنْهَا: وە جوانی خۆیان دەرنەخەن جگە لـەوەی بەدەرەوەیە و دیارە لـە جوانی (وەك دەم وچاویان و دەستیان)"
- تەسك نەبێت: کاتێك کە پەیامبەری ئازیزمان محمد (ﷺ) بەرگێکی وەکو جبەی دا بەیەکێك لـە هاوەڵانی ئەویش ئەو بەرگەی دا بەخێزانەکەی بۆیە کاتێك کە پەیامبەر بەوەی زانی بەو هاوەڵـە بەڕێزەی وت بچۆ بە خێزانەکەت بڵێ بابیکات بە شتێکی تر و لـەسەرەوە لـەبەری نەکات چونکە ئەترسم قەبارەی ئێسکەکانی دەرکەوێت.
- نابێت بەرگێکی تەنك بێت: پەیامبەری ئازیزمان محمد (صلى الله عليه وسلـم) دەفەرموێت : "صِنْفانِ مِن أهْلِ النَّارِ لَم أَراهُما ,قَومٌ مَعَهُمْ سِيْاط كَأَذنابِ الْبَقَرِ يَضرِبونَ بِها النَّاس, وَ نساءٌ كاسِيَاتٌ عَارِياتٌ ......". ئیبن حەجەری هەیسەمی لـە مانای " وَ نساءٌ كاسِيَاتٌ عَارِياتٌ:ئافرەتانێکی پۆشتەی ڕوت"دا گوتوویەتی: (مەبەست ئەوەیە کە بە ڕواڵـەت پۆشتەن و لـەڕاستیدا ڕووتن, وەك ئەوەی بەرگێکی تەنك بپۆشێت کە شێوەی جەستەیان دەربخات).
- چەند مەرجێکی تر وەك: بەرگی ناوبانگ نەبێت, لـە جل و بەرگی پیاوان نەچێت................

**لێرەدا زۆر بە کورتی ئاماژەمان بۆ هەندێك لـەو مەرجانە کرد کە بۆ خوشکێکی باڵاپۆش پێویستن هیوادارم کە ئەو خوشکە ئازیزانەی تازە دەبنە**

**باڵاپۆش خۆیانی پێبڕازێننەوە, ئەو خوشکانەش باڵاپۆشییەکەیان کاڵکردۆتەوە بەم مەرجانە تۆخی بکەنەوە.**

## پشوو (چیرۆک) :-

* نوسەرێك دەگێڕێتەوە و دەڵێت :

چەند ساڵێك لەمەوبەر ڕۆژێکیان کچێك هاتە نوسینگەکەمەوە لە کۆلێجی شەریعەت هەستم کرد کە لەچکێکی ساختەی کردووە و هەندێك لە قژی داپۆشیوە، ئیدی مۆڵەتی لێوەرگرتم کە دابنیشێت و بەسەرهاتی تاڵی خۆیم بۆ بگێڕێتەوە بەهیوای ئەوەی کە ڕێڕوونی بکەم یان هاوکارییەکی بکەم بۆ چارەسەری گرفتەکەی.

کورتەی بەسەرهاتەکەی ئەوە بوو کە کچێك بووە لەماڵێکدا پێگەیشتووە کە هیچ ڕێزێکی ئاینیان لەلا نەبووە و بە هیچ شتێکییەوە پابەند نەبوون، لە قوتابخانە و پاشان زانکۆ خوێندویەتی و شارەزا بووە بێ ئەوەی هیچ کەسێك چاودێری بکات و لێی بپرسێتەوە و، گوتی : لە قۆناغی ئامادەیی یەوە کوڕان دەوریان دەدام و وایان پیشاندەدا کە پێم سەرسام (معجب )ن! وە هانیان دەدام کە زیاتر و زیاترلەڕووی پۆشاك و ڕەفتارمەوە ئازاد بم! منیش تەسلیمی ئەو وەزعە بووم و دڵم وەك هۆتێل و میوانخانەی لێهاتبوو! یەك لەدوای یەك گەنجەکان دەهاتنە نێوی!

هەتا لە قۆناغی زانکۆدا زیاتر بەو حاڵەتەدا ڕۆچوم و بەردەوامیش فشارم لەسەر بوو کە زیاتر بەرەو ئازادی (بەرهەڵدایی) بچم! ئیدی لەو ماوەیەدا

یەکێك لەگەنجەکان بەتەواوی دڵی داگیر کردم و ئەویش وای پیشان دەدا کە بەڕاستی و لە قولاّیی دڵییەوە منی خۆش دەوێت! منیش پێشنیازم بۆ کرد لە کەس و کارم بمخوازێت ،ئەویش وای پیشاندا کە ڕازییەو بە تەئکیدەوە گوتی : کەمنیش هەر بەو ئومێدەوە تۆم خۆش ویستوە و بەم زوانەش لێت دێمە پێشێ و دەتخوازم! ئیدی لەو کاتەوە پەیوەندیمان بەهێز تربوو، هەتا سەرەنجام لەیەکێك لە دیدار و ژوانەکانماندا توانی کە کچێنیم نەهێڵێت! دیارە منیش متمانەی تەواوم بەگفت و بەڵێنە کانی هەبوو!

ئیدی پاشانیش چەند جارێکی دیکە ئامانجی خۆی لێم هێنایەدی ، منیش هەر پەیتا پەیتا پرۆژەی زەواجەکەمانم بیر دەخستەوەو ئەویش بە قسەی لووس و درۆو فێڵ دەیخافلاّندم !

هەتا لە یەکێك لە دیدارەکانماندا زۆر بەداکۆکی کردنەوە پێم گووت کە گفتی خوازبێنی کردنەکەی بێنێتە دی ! ئەویش بەشێوەیەکی بەسووك دانەرانە تەماشای کردم و گوتی: هەرکات بڕیاری ژن هێنانم دا بە دوای کچێکی شەریف و بە ئابڕوودا دەگەڕێم کە خۆی نەکردبێتە پشتەماڵی دەستی خەڵکی!!

ئیدی کە ئەو قسەیەم بیست وەك چریکەو هاوارێکی توند لە خەوێکی دوور و درێژ ڕایچڵەکاندم و هەستم کرد کە لە نێو ئاپۆرایەکی خەڵکی دام کە گاڵتەم پێ دەکەن و پێم ڕادەبوێرن وهەڵمدەخەڵەتێنن! وە خۆمم زۆر بێکەس و غەریب هاتە بەر چاو لەم دنیایەدا، چونکە کەسوکارەکەم وێڵیان کردبووم کە بە کەیفی خۆم بێمو بچم، بەلاّم دەشمزانی کە ئەگەر مەسەلەکەیان بۆ باس بکەم بەشێوەیەکی خراپ لە نێوم دەبەن!

ئینجا لە گەرمەی نارەحتیداو بە ئاهو ناڵەیەکەوە گوتی:
ئێستاکە بۆم دەرکەوتووە کە ئەگەر هاتباو ئادابەکانی ئیسلامم ڕەچاو کردبان و ئامۆژگاری و ئاڕاستەکانیم لەگوێ گرتبان بەو مەرەدە نەدەچووم و ئاوا گرفتاری تەڵە و داوی هیچ فێڵبازێك نەدەبوم و کەرامەت و کەسایەتیم پارێزراو دەبوو ! جا بە ڕاستی ئێستا نازانم چی بکەم ؟!!
منیش پێم گوت: جا باشە (دادە) پێویستی دەکرد کە خۆت بخەیتە نێو ئەم ئەزمونە تاڵەوەو فەرمانەکانی خوا تاقی بکەیەوە ، بۆ ئەوەی سەرەنجام بگەیتە دڵنیایی؟
ئایا ئەوەت نەدەزانی (کە پێویستە هەموو عاقڵێك بیزانێت ) کەئەم ئاینەی خوا بە گشتی کۆمەڵێك ڕێروونی و ئامۆژگاری خوای خاوەن ئەوپەڕی بەزەییەو بەندەکانی خۆی پێ دواندوون تاکو بە ڕەچاو کردنیان و پابەندی پێوە کردنیان بەختەوەر بن و لە هەموو خراپە و زیانێك پێی پارێزراو و چەپاڵە دراو بن؟!
ئەویش پێی گوتم:
من لەمڕۆوە بەڵێن و پەیمان بە خوا دەدەم بە پەشیمانیەوە کە مل کەچی فەرمانەکانی و پابەندی یاساکانی بم و جارێکی دیکە ئاوڕ لە فێڵ و پیلانی شەیتان نەدەمەوەو تەسلیمی هەواو ئارەزووەکان نەبم. منیش پێم گووت: بەین بەین سەردانم بکەو دڵنیاش بە کە خوای بەبەزەیی دەرووی خێرت لێ دەکاتەوە.

---

* وەرگیراوە لە کتێبی ( ئافرەت وخێزان لە سایەی شەریعەت) دا .

# ووتەی کۆتایی

((سَمِعْنَا وَأَطَعْنَا غُفْرَانَكَ رَبَّنَا وَإِلَيْكَ الْمَصِيرُ))(البقرة 285)

کۆتایی ئەم کۆمەڵە بابەتە بەم ئایەتە پیرۆزە زۆر واتا هەڵدەگرێت, بەکورتی لێرەدا ئاماژە بە چوار خاڵ دەکەین:

1.((سمعنا: بیستمان )):

ئەگەر تەواوی ئەم بابەتانەت خوێندەوە ئەوا هیچ بەڵگەیەکت بەدەستەوە نییە کە خۆت لە بالأپۆشی بەدوور بگریت,ئەگەر هەر گومانێکیشت مابێ دەتوانیت پرسیار بکەیت و دڵنیابیت, خوشکانی بەڕێز خۆتان لە هەڕەشەی ئەم ئایەتە لا بدەن و بابەسەر ئێوەدا جێبەجێنەبێ(وَلَقَدْ ذَرَأْنَا لِجَهَنَّمَ كَثِيراً مِّنَ الْجِنِّ وَالإِنسِ لَهُمْ قُلُوبٌ لاَّ يَفْقَهُونَ بِهَا وَلَهُمْ أَعْيُنٌ لاَّ يُبْصِرُونَ بِهَا وَلَهُمْ آذَانٌ لاَّ يَسْمَعُونَ بِهَا أُوْلَـئِكَ كَالأَنْعَامِ بَلْ هُمْ أَضَلُّ أُوْلَـئِكَ هُمُ الْغَافِلُونَ : وە سوێند بە خوا ئامادەمان کردووە بۆ دۆزەخ زۆرێك لە جنۆکە و ئادەمی دڵیان هەیە بەڵام تێناگەن لە ڕاستی و چاویان هەیە بەڵام حەقی پێنابینن و گوێیان هەیە بەڵام حەقی پێنابیستن ئەوانە وەك ئاژەڵوان بگرە خراپتر وگومڕاترن لە ئاژەڵ هەرئەوانەن بێئاگایان)الأعراف179.

2.((أطعنا: فەرمان بەریمان کرد)):

خوای گەورە لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێت((وَمَن يُطِعْ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ فَازَ فَوْزاً عَظِيماً: هەرکەس بەڕاستی گوێڕایەڵی خوا و پێغەمبەرەکەی بکات ئەوە بەڕاستی سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەست هێناوە)) (الأحزاب71).کەواتە

دوای خوێندنەوە پەیڕەوی بکە بۆئەوەی سەرکەوتن بەدەست بهێنیت (سەرکەوتنی دنیا و قیامەت).

3.((غفرانك ربنا: داوای لێخۆشبوونت لێدەکەین)):

لەپاش بیستن و گوێڕایەڵی بەتەواوی بگەڕێرەوە لای خوای گەورەو داوای لێخۆشبوونی لێ بکە و فەرمانەکانی بەجێبهێنە, گەر وات کرد ئەوا دەبیتە خۆشەویستی خوا وەك دەفەرمویێت((إِنَّ اللّهَ يُحِبُّ التَّوَّابِينَ :بەڕاستی خوا تەوبەکارانی خۆش دەوێت))(البقرة 22).

4.((واليك المصير: هەربۆلای تۆیە گەڕانەوە)):

ئەمەش حەقیقەتی ئیمان و دڵنیایی یە ئەگەر مرۆڤ هەستی بەم ڕستی یە(ڕۆژی دوایی ) کرد ئەوا دوور دەکەوێتەوە لە تاوان و بێ فەرمانی خوای گەورە.

## سەرچاوەکان:

بۆ نوسینی ئەم بابەتانە سود لە سەرچاوانە وەرگیراوە:

- سایتی (( www.khoshkan.com ))
- کتێبی ((*ئافرەت و خێزان لە سایەی شەریعەتدا*))
- کتێبی ((*با وریابین داڕووخانی ڕەوشت کۆمەڵگەکەمان بەرەو هەڵدێر دەبات*))
- بڵاوکراوەی ((*ڕوونـاکی*))

ئەی خوشکی ئازیز ئێستا ژیرانە بیربکەرەوە و بڕیاری ژیرانە بدە, کە ئایا باڵاپۆش دەبیت و فەرمانی خوا بەجێدەهێنیت و لاشەی خۆت لەم دونیا لەم نەخۆشی و لەو دنیا لە ئاگر دەپارێزیت؟ یان هەروەکو خۆت دەمێنیتەوە و بێفەرمانی خوا دەکەیت و بەو بێفەرمانییەش چاوی برسیی کەسانێکی چاوچنۆك تێردەکەیت و خۆیشت و ئەوانیش تاوانباردەکەیت؟! خوشکی ڕێزدار ئەو باڵاپۆشییەی کە لە مانگی ڕەمەزانی پیرۆزدا کردووتە پتەوی بکە و دوای ڕەمەزان بەردەوام بە وبەو شێوەیە بە کە بەدیهێنەری جیهانیان داوای کردووە و لە فەرمانی دەرمەچۆ